# مەلا بةختيار , لاوان بێ ئاگاو نامەسئولن يان ئيوە....؟

ئەكرەم عةبدولَا
rodanakram@yahoo.com

مةلا بختيار لە چاوپيكەوتنيكى تەلەفزيۆني دا لە ريكەوتی15/16ئەم مانگە لە وەلآمی پرسياريک دا كە بۆچی زۆربەی زۆری لاوان بەشداری ئەم دەنگدانەيان نەكرد؟ ووتی:

**ئەم گەنجانەی ئيستا بی ئاگاو ناخۆشی ژير دەسەلآتی بەعسيان نەديوە كە ماوەی 15 سالَە لە ژير دەسالآتی حيزبە كوردیيەكاندا خۆشيان گوزەراندووە و عەسكەری زۆرەمليیان نەديوە و بێ ئاگان لە ئەنفال و كيمياباران خۆيان بە مەسئول نازانن لە بەرامبەر يەركەكانی ئەم دەورەيەدا.**

سەرانی بزوتنەوەی كوردايەتی ماوەيەكە نيگەرانن لە خەلَكی كوردستان ، هەر ماوەيەک لەمەوپيش جلال تالَەبانی كەوتە سوكەيەتی كردن بەو خەلَكانەی شاری كەركوک بەجێ ئەهيلَن و ئەگەرينەوە بۆ شارەكانی سليمانی و هەولير بە خائن ناوی بردن ، ئەمرۆش ملا بختيار هەمان رەفتاری دوبارە كردەوە. لاوانی كورو كچی كوردستان چ ئالَ و گۆريكی باشيان بە سەر ژيانياندا هاتووە، تا بە پەرۆشەوە بە قسەی ئيوە بكەن و بەرەو سندوقەكانی دەنگدان بچن ، ئيستا لاوانی كوردستان ئەزانن كە ئەم هەراو هۆريايەی كە ئەيكەن لە سەر تەلەفزيۆنەكان تەنها تەبليغاتی هەلَبژاردنە ، ئەمەشيان لە ماوەی چەند سالَی رابردودا بە عەمەلی تەجروبە كردووە بۆيە ئەم جارە لاوان بە قسەی ئيوە هەلَنەخەلَەتان .

لاوانی كوردستان ئاوات و ئارەزوی ئەوەيانە كە بەهرەمەندبن لە ژيان و دنيايەكی باشتر و پڕ ئاسودە كە ئەمەش لە جوبعەكەی ئيوەدا نيە ، ئارەزومەندن لە كۆمەلَگايەكی مەدەنی و شارستانی دا ژيان بگوزەرينن نەک لە ژير ئەو دەستورە رەشەی كە ئيوە ئەتانەويست بە زۆر بە سەرياندا فەرز بكەن ، لاوان باش ئەزانن ئەگەر ئەم دەستورەتان بۆ بچيتە سەر ژيانيان زۆر لەوە خراپتر ئە بيت كە لە ماوەی 15 سالَی رابردودا بينيويانە ، بۆيە ئەمجارە لاوان زۆر ئاگاهانە نەچون بۆ بەردەم سندوقەكانی دەنگدان. ئايا دزينی سەروەت و سامانی كوردستان و تەئيدی گەمارۆی ئابوري و بە كوشتدانی لاوانی كوردستان لە شەرەكانی ناوخۆداو ناچاركردنی لاوان بە كۆچ كردن بەرەو هەندەران و كوشتنی 5000 ئافرەت و هينانی لەشكرو دەزگا جاسوسيەكانی دەولَەتانی ناوچەكە بۆ كوردستان بە مەسئوليەت نيشاندان بە رامبەر بە خەلَكی كوردستان ئەزانی . ملا بختيار ئەبوايە ئەم قسانەی لە زيمبابۆ و نيكاراگوا بكردايە بەلَكو لەێ كەسيک پەيدا بيت و بە قسەكانی ئەو بروا بكات . ئەكرێ ملا بختيار پيمان بلَێ لاوان لە ژير دەسەلآتەلەی ئيوەدا فيری چ زانستيكی تازە بون و چ ئالَوگۆريكی باشيان بە خۆوە بينيوە تا ئەمرۆ بە قسەی ئيوە بكەن. رويەكی قايمی ئەويت كە ئەم هەموو نەگبەتی و نەهامەتيە بە سەرياندا بهينی و ئەمرۆ بە خۆشگوزەران بيفرۆشيتەوە بە لاوان . ئەكرێ پيمان بلَين ئيوە لە چ كاتيكدا مەسئوليەتان نيشانداوە بەرامبەر خەلَكی كوردستان ؟ ئەگەر كوردستان وولآتيكی نۆرمالَ بيت و چەک و پارە لە لای تۆو حيزبەكەت نەبيت ئەوكات ئەزانن چ هەلَويستيكيان ئەبيت بەرامبەرتان . ئيستا ئەكرێ بپرسين ئەوە لاوانی كوردستانن بێ ئاگاو نا موسئول يان ئيوە ؟

2005/10/17